# چاوەڕوانی

## کاوەی خەسرەوکاوانی



هێندە چاوم لە رێگات کرد
چاوەڕوانیت خەریکە کۆتام پێ بێنێ و
هەموو گیانم وەرەس دەکا...
سالأنی چاوەڕوانی تۆ گەلێك جاران
ئاراستەی هیوام دەگۆڕێ و
رووگەی خۆی لەهەرەس دەکا...
چی دەبێ لە چاوەڕوانی
ناخۆشتربێ وبتخاتە دەست گومانەوە...
چی دەبێ وەك چاوەڕوانی
ئازاری خۆی دابەش بکات
بەناخ و دڵ و گیانەوە...
خۆشم وویستی و نەمدەزانی
رۆژێك دادێ بۆم دەبیتە خەیاڵ و خەو...
نەمدەزانی کۆتری شادیم هەڵدەفڕێنی و
خۆت دەکەیتە وەنەوزی شەو...
خۆشم وویستی بەقەدبالأی
خۆشەویستی و مانای جوانی ...
خۆشم وویستی و خۆشم دەوێ ی
هێندەی رووناکای رۆژوروونی کانی .

2007/10/1